شیعر



زانا خەلیل

# له كۆڵانەكەی "أبو فراس الحمدانی"دا

zana_xalel@yahoo.de

أيا جـارتـا، مـا أنصف الدهـر بيننا

تعـالـي أقـاسـمك الـهـمـوم تعـالي

**له كۆڵانەكەی– ئەبو فیراس– دا**

**– با– یێکی لاڵ دێ..**

**– با– یێکی لاڵ دێ، درەخت و ئاسن و ئاسمان دەبڕێ.**

**– با– یێک دێ و مەستانە**

**ئێوارە و ئیرۆس و زەمین دەبڕێ.**

**له كۆڵانەكەی– ئەبو فیراس– دا**

**– با– نا، گەردەلوولێک دێ..**

**من تێناگەم**

**بۆچی هێندە بە بێدەنگی**

**رۆحی بێزمانی پڕ لە هات و هاواری درەختێک دەبڕێ؟**

**– با– یێک..**

- با- نا، تۆفانێکی نەرم دێ..
من هەرگیز تێناگەم
بۆچی لە کۆڵانەکەی- ئەبو فیراس- وە
هێندە بە بێدەنگی هەڵدەکا و
ڕۆحی لاڵی پڕ لە هات و هاواری من دەبڕێ؟

## تێکست

هەندێ لە تێکستەکان ناکرێنەوە..
هەندێ لە تێکستەکان خوێندەوارییان نییە و ناتوانن بکرێنەوە.
هەندێ لە تێکستەکان بە زۆر خۆیان دەکەنەوە.
هەندێ لە تێکستەکان بە مردوویی خۆیان دەکەنەوە.
هەندێ لە تێکستەکان نەکرێنەوە باشترە.
هەندێ لە تێکستەکان لە پێناوی خیانەت خۆیان دەکەنەوە.
هەندێ لە تێکستەکان شوفێرن، هەندێ ڕاوچی، هەندێ هونەرمەند...
تۆیش وەکو هەموو ئەوانە تەنیا تێکستێکی
بەڵام تێکستێک لە مەجاز، پڕی لە ڕەوانبێژی
بکرێیتەوە یا نەکرێیتەوە تۆ هەر بە کراوەیی دەمێنییتەوە.
تۆیش وەکو هەموو ئەوانە تەنیا تێکستێکی
بەڵام تێکستێکی مێینەی بێدەنگ.
بەڵام تێکستێکی تورکمانزمانی لاڵ.
بەڵام تێکستێک لە مەجاز، پڕی لە ڕەوانبێژی
بکرێیتەوە یا نەکرێیتەوە تۆ هەر بە کراوەیی دەمێنییتەوە.